ئیسرائیل: هیچ هەڕەشەو مەترسیەک لە ئێران قبوڵ ناکەین



وەزیری بەرگریی ئیسرائیل ئاشکرایکرد، ئاگاداری جموجۆڵکانی ئەمدواییەی ئێرانن، وتیشی، "هیچ هەڕەشەو مەترسیەک لەو وڵاتە قبوڵ ناکەین".

 یسرائیل کاتز وەزیری بەرگریی ئیسرائیل ڕایگەیاند، "لەنزیکەوە چاودێری جموجۆڵ موشکییەکانی ئێران دەکەین، هەر هەڕەشەیەک لەو وڵاتەوە جێگای قبوڵکردن نییەو وەڵامی کاریگەرمان دەبێت".

 بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل قسەی بە بە میدیاکانی وڵاتەکەی کرد، "ئیسرائیل باشدەزانێت کە ئێران بەمدواییە دەستی بەهەشقەو مانۆڕ سەربازییەکانی کردوەتەوە".

ئاماژەی بەوشدابوو، لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتەو هەروەها چالاکییە ئەتەمییەکانی ئەمدواییەی ئێرانیش دەکات.

بەوتەی ناتانیاهۆ، "پەیامی من بە ئێران ئەوەو ئاشکرایە، ئێوەیش ئێوەین کە هەر کردوویەکی

سەربازیی دژی وڵاتەکەمان، بەتوندترین شێوە وەڵامدەرەتەوە".

دوشەممەی ڕابردوو ناتانیاهۆ کابینۆیەکی فراوانی لێگەڕ بەرپرسانی باڵای سەربازیی و هەواڵگریی ئیسرائیل کردبوو بەر لێدەستپێکردنی گەشتەکەی بۆ ئەمریکا.